

# ئێلا خۆی ڕزگار دەکات


کارین بۆیە
لە سویدییەوە: سروە نووری
(سوێد)


ئێلا بە دەنگێکی زۆر ماندوو، گوتی: دەتوانم بەرگەی هەموو شتێک بگرم. هەموو شتێک، بەڵام کە سووکایەتیم پێ دەکات، زۆر تاڵ و ناخۆشە. سووکایەتی هەموو شتێک بێ مانا دەکات.

چاوە شینەکانی ئافرەتەکەی دی، لە تووڕەییان زەق بوونەوە و هاواری کرد: دەزانی چییە؟ سنووری خۆی تێپەڕاندووە! زۆر لە مێژبوو شتێکی ئاوها سەختم نەبیستبوو! سووکایەتیت پێ دەکات؟!

دوو ئافرەتەکە، بەرانبەر یەکتر لەسەر مێزی تەنیشت پەنجەرە دانیشتبوون. خاوەن ماڵ، ئافرەتێکی لاواز و ڕەنگ هەڵبزرکاو، قژی خاو و ڕەشی بە دەوری ڕوخساری ڕێک و جوانیدا شانە کردبوو، دەستەکانی لەسەر کۆشی خەریکی دروومان بوون. دروومانی کراسێک کە پێویستی بە پینە کردن بوو. دەستەکانی سپی و ناسک نەبوون بۆ گوڵ دروین، بەڵکوو وشک و زبر بوون. دەستەکانی بە کاری زەحمەت ڕاهاتبوون. ئافرەتی میڤان، کڵاو بە سەر، بە جلی شینی پیاسەوە لە بەرانبەری دانیشتبوو. متمانە بە خۆبوونی و تەنانەت قژە زەردە ڕێکەکەشی، وەک ژنێکی سەربەخۆ دەری دەخست.

ئافرەتە سەربەخۆکە گوتی: ئەوە پێت دەڵێم! ئاروید لەگەڵ ژنی دیکە پێوەندی هەیە!

- پێویست ناکات پێم بڵێیت. بە دڵنیاییەوە ئەو هەمیشە ئەو کارەی کردووە، بەڵام من زۆر گرنگی پێ نادەم.

هەردووکیان بۆ چرکەیەک بێدەنگ بوون.

- ئەوجا کاریشت پێ دەکات! کارەکەی خۆت بەس نییە؟ دەبێ کاری زیادەش بکەیت بۆ ئەوەی ئەو بتوانێت پارەی خواردنەوە و شتەکانی دیکەی بدات!

ئێلا بە پێکەنینێکی تاڵەوە سەیری کرد.

- ئەگەر من بوومایە، زۆر لە مێژبوو دەرم کردبوو! بۆچی دەبێ شاعیرەکان ئەو ئازادییەیان هەبێت، هەرچی پێیان خۆشە بیکەن؟ هەڵبەت من زۆر ڕێزم بۆ بەهرەی ئارویید هەیە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە زۆر لێهاتوو و بلیمەت بێت، تەنانەت ئەگەر بلیمەتیش بووایە، نەیدەتوانی وەک مرۆڤێکی شایستە هەڵسوکەوت بکات؟ سەرەڕای ئەمە سووکایەتیشت پێ دەکات؟! بەڕاستی بۆ چی قبووڵ دەکەیت؟

ئێلا بە هیلاکی سەری لەقاند.

- بیری لێ بکەوە، ئەگەر ئەو بەسەر شانتەوە بار نەبووایە، ژیانت چەندە خۆش دەبوو!! کار و پیشەی خۆتت هەیە، داهاتەکەت نەک تەنیا بەشی خۆتی دەکرد، بەڵکوو زیادیش دەبوو. کاتت زیاتر دەبوو، دەچووی بۆ سەفەر! بیری لێ بکەوە، چ ژیانێکی خۆشت بۆ خۆت دەستەبەر دەکرد!!

قسە زۆر کرا، زیاتر ئاسترید بوو قسەی دەکرد. زۆری هاتوهاوار کرد و بە بێ ئەوەی لە کاریگەری کەمی قسەکانی، بێ ئومێد ببێت، (ئێلا)ی هان دەدا کە بخرۆشێت.

ئێلا گلەیی نەدەکرد، بە ماندوویی ئاخی هەڵدەکێشا و بزەی تاڵی لە سەر لێوان بوو. کاتێک ئاسترید دەیویست بڕوا، لە بەر دەرگەکە وەستا و جارێکی دیکە قسەکانی خۆی دووپات کردەوە.

- نازانم تۆ گەمژەی، یان بە ڕاستی ئەوەندە پاک و بێگەردی، لەوانەشە هەردووکی بێت! بەڵام بە ڕاستی ئەو پیاوە دەبێ سپاسی خوای خۆی بکات کە تۆ بووی بە خێزانی. حەیف و مخابن ک پیاوێکی خوێڕی و هیچوپووچی وەک ئارویید بووە بە بەشی تۆ، بە ڕاستی ئەو شایانی تۆ نییە.

ئێلا بە بزەیەکەوە دەستی بە دروومان کردەوە، بەڵام ئەم جارە بزەی سەر لێوەکانی، تاڵی و کۆڵدانی پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو زەردەخەنەیەکی سپاسگوزارانە بوو، وەک ئەوەی بۆ خۆڕاگری و بەرگەگرتنی هەموو ئەو ساڵانە پاداشتێکی بچووکی پێ بەخشرابێت. وێنەی دایکی هاتەوە بەر چاو، دوێنێ کە ئێلا سەردانی کردبوو، لەسەر کورسییە گەورەکەی دانیشتبوو، لاواز و شەکەت لە خەمی ژیان و دەردی پیری، بەڵام بە چاوی درەوشاوە و هەمان چرچولۆچی دەوری لێوەکانی کە لە کاتی گەنجێتی ئێلاوە هەیبوو. بەڵێ، دایکی هەمیشە بە زاکوون بوو، هەم لەگەڵ خۆی و هەم بۆ خەڵکی دیکەش و هەمیشە دەیگوت: هەر ئەرکێکت وەئەستو گرت، دەبێ بەرگە بگریت و بە ئەنجامی بگەیەنیت. بە خۆی نەهامەتی زۆری کێشابوو، دایکی بێچارە.

ئێلا لە سەردەمی منداڵیدا هەرگیز نەیزانی کێشەی باوکی چییە، تەنیا دەیزانی کێشەیەک هەیە، دیار بوو دایکی دەیزانی، بە باوکیشییەوە دیار بوو کە دەزانێ کێشەکە چییە. باوکی دڵخۆش و میهرەبان بوو، سەرەتاکان باوک بە کەیف و بە دەماخ بوو، بەڵام وردە وردە، کەیف و شادی تێدا کەم بووبووەوە. ئێلا هەستی دەکرد کە باوکی دەیەوێ لە قوژبنەکاندا خۆی حەشار بدات، بەڵام بۆی نەدەکرا، ئاخر چاوە تیژەکانی دایک هەموو کەلێن و قوژبنەکانی دەپشکنی و

هەموو شتێکی دەبینی و بە بێ ڕوحمی تەواو، تەنانەت ئەگەر دەمیشی نەکردباوە، هەموو هەڵەکانی باوکی لە قاو دەدا. دوای ماوەیەک ئێلا گەیشتە ئەو بڕوایە کە خەڵک بە بزەی پڕ لە سووکایەتی سەیری باوکی دەکەن، نەک بە میهرەبانییەوە. زۆر جاران ئەم جۆرە بزەیەی لە سەر لێوەکانی دایکی بینیبوو. نەیدەزانی بۆ چی، بەڵام هیچ شتێک ئێلای بە قەدەر ئەم جۆرە لە بزەیە، نەدەترساند. بەلایەوە ئاسانتر بوو کە بەرگەی هەر ئازارێک بگرێ، نەوەک ڕووبەڕووی ئەم جۆرە بزە و پێکەنینە بێتەوە.

ئێلا بە سەرنجەوە خۆی لەگەڵ دەستوورەکانی دایکی سازگار و هاوئاهەنگ دەکرد، وەک خوشک و براکانی دیکەی. هەموویان لەو ژنە بچووکە بەزاکوون و بێدەنگە دەترسان، کە بەو بزەی خۆ بەزل زانییەوە، هێز و توانایەکی تەواوی دەستەبەر کردبوو. کاتێک ئێلا قوتابی بوو، شتێک ڕووی دا کە دایکەکەی زیاتر لە پێشان حەق بە دەست کرد، ئەو شەوەی کە باوکی بە سەرخۆشی گەڕایەوە ماڵەوە، پێشتر هەرگیز ئەوەی نەکردبوو، بەڵام وەک ئەوەی هەموویان چاوەڕوانی ئەو ساتە بووبن.

ئێلا وەک دادگەیی کردنێک سەیری کێشەی درێژخایەنی نێوان دایک و باوکی دەکرد، وەک ئەوەی تۆمەت و بەرگری لە تاریکییەکی نادیاردا شاراوە بوون، بەڵام لە پڕ سکاڵاکەر دوای ساڵانێک سەبووری، بەڵگەی کۆتایی بەدەست هێنابوو. باوک تاوانبار کرا، هەڵبەت لە ڕووی ئەخلاقییەوە، ماوەیەکی زۆر بوو کە تاوانبار کرابوو، بەڵام ئێستا بە جۆرێک لە ڕووی یاساییشەوە تاوانبار کرا.

ئێلا تەنیا جارێک وێرابووی بەرپەرچی دایکی بداتەوە، ئەویش کاتێک بوو کە لەگەڵ ئارویدا هاوسەرگیری کرد. ئێستا نەیدەتوانی ڕوونی بکاتەوە چۆن ئەو کاتە توانیویەتی ئاوا یاخی ببێت، وەک ئەوەی سەرخۆش بووبێت، بەڵام کاتێک ئەو سۆز و مەیل و سەرخۆشییە، کەم بووبووە و ژیانی ڕۆژانە دەستی پێکرد، لەناکاو دەفتەرێکی نادیاری ژمێریاری بینی کە لە بەردەم ئەو و ئارویدا کراوەتەوە، کە دێڕی قەرزدار و قەرزدەر بۆ هەریەکەیان بە جیا نووسراوە، ترسا. لە کۆتاییدا حەق بە کامیان دەبێت؟ کامیان هەڵەن؟ هیچ شتێک لەوە گرنگتر نەبوو کە ئەم ژمێریارییە بە قازانجی خۆی تەواو بکات و خۆی بسەلمێنێت، بە تایبەتی کە دایکی لە سەرەتاوە هۆشداری پێ دابوو، نەیدەویست وەک کەسێک بێت کە ئەرکەکانی خۆی وەئەستۆ ناگرێ.

«هەر ئەرکێکت وەئەستو گرت، دەبێ بەرگە بگریت و بە ئەنجامی بگەیەنیت.»

درومانەکە کەوتە سەر کۆشی و بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و گەنجێتی وەک فیلمێک بە بەر چاوەکانیدا تێپەڕین. هەمیشە شتێکی قورس هەبوو بۆ هەڵگرتن، هەمیشە ئەرکێکی ناخۆش هەبوو بۆ جێبەجێکردن، بەڵام هەر ئەمەش دەبووە هۆی ئاسوودەیی، بە مەرجێک ئەو کارەی دەکرا، یان پەسندی دایک بووایە، یان لانی کەم دایک بێزار نەبووایە. ئەو بە درێژایی ژیان، بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ منداڵەکانی خۆی کردبوو، تەنانەت ئەگەر لە شوێنێکیش نەبووایە، ئەوە وێنەکەی لەوێ زیندوو و ئامادە بوو. ئەو کاتەش کە لە ژیاندا نەمێنێت، دیسانیش ئاگاداری وردترین کارەکانی منداڵەکانی دەبێت و ڕێنوێنییان دەکات، هەر ئەو جۆرەی کە لە سەردەمی منداڵییاندا، ڕێنوێنی دەکردن: "ئاساییە! هەر بە دڵی خۆت دەکەیت، خۆ بیر و ڕای من دەزانی!!" لە کۆتاییشدا هەر

ئـەوە دەكـرا كـە دايـك دەيويسـت.

ڕۆژ درەنــگان بــوو كــە دەنگــی ســووڕانی كليــل هــات، دەرگــە كرايــەوە و ئارويــد هاتــە ژوورەوە. بــەرەوڕووی ئێــلا چــوو و وەســتا كــە ســەيری درومانەكــەی دەســتی بــكات. ئێــلا وەک ئــەوەی كـەس نەهاتبێتـە ژوورەوە، خێراتـر درومانـی دەكـرد. سێبەری پێكەنينێكـی گاڵتەجاڕی لەسـەر لێوەكانـی بـوو، وەک ئـەوە وابـوو كـە سزای گوناهبارێـک بدات.

ئارويـد گوتـی: باشـە، لە درومان كـردن بەردەوام بـە، بـا مـن شـەرم بكـەم و پەشـيمان ببمـەوە، واز لــەو ڕێگــە خراپــە بێنــم، بــەڵام ئەوەنــدە داو لــە جيهانـدا نييـە كـە بتوانـی بـەردەوام درومانـی پـێ بكەيت.

بـە فيتـوو لێـدان چاكەتەكـەی دەرهێنـا و جلـی كۆنـی كارەكـەی لەبـەر كـرد. لـە پشـت ئامێـری تايپكـردن، لـە تەنيشـت پەنجەرەكـەوە دانيشـت. دەيويســت ئــەو كورتــە چيرۆكــەی ئامــادەی كردبـوو، پاكنـووس بكاتـەوە، بـەڵام زۆری نەخاياند لـە جێگـەی خـۆی هەڵسـا و مسـتێكی بـە سـەر مێزەكـەدا كێشـا. بـە تووڕەييـەوە هـاواری كـرد: ئـەی ژنـی فێڵبـاز و بـەدكار!! هەمـوو جێگەيەكـی ئــەم ژووره ژەهراوييــە! قێزەونــە! ناتوانــم لــەم هەوايـەدا كار بكـەم!!

ئێلا بـە ساردی پرسـی: يانـی پێويسـتە بچمـە نـاو چێشـتخانە و كراسـەكانت بدرومـەوە؟

– "پێويسـتە خـۆت فـڕێ بدەيتـە نـاو تەنەكـەی زبڵـەوە كـە چيتـر نەتبينـم!" بـە دەنگێـک كـە بـێ ئوميـدی پێـوە ديـار بـوو، درێـژەی بـە قسـەكانی دا: "ئـەو پيـاوە پيسـە چەنـد دڵڕەقـە! بـە پێچەوانـەوە ئێـلای ناسـک پێـی خۆشـە لەسـەرەخۆ و بـە نەرمـی مـرۆڤ بخنكێنێـت!، چەنـد ناسـک و نـازدارە!"

ئێلا گوتـی: "نانـی نيـوەڕۆ دەخـۆی؟" و هەسـتا سـەر پـێ.

– نەخێـر، پێـم خۆشـترە لـە برسـان بمـرم، نـەوەک خواردنێـک بخـۆم كـە تـۆ ئامـادەت كردبێ! هەرچەنـد پێشـتر نانـم خـواردووە.

ئێـلا گوتـی: بمبـوورە مـن دەبـێ بابۆڵەيـەک بخـۆم، ئاخـر بـۆ نانـی نيـوەڕۆ چاوەڕێـت بـووم.

ئارويـد بـە دەم بۆڵەبۆڵـەوە گوتـی: بـووراوی!!. ديسـان لـە پشـت ئامێـری نووسـينەكەی دانيشـت. ئێـلا چـووە چێشـتخانە و شـتێكی خـوارد.

ئێـلا گوتـی: ئەمشـەو كارم زۆرە!، دەبـێ زوو بگەڕێمـەوە. (ڕاسـتی دەگـوت، ئێـلا هەرگيـز درۆی نەدەكـرد.)

ئارويـد بـە تووڕەيـی وەڵامـی دايـەوە: ئێسـتا چاوەڕوانيـت لـە مـن ئەوەيـە كـە لـە بەرانبەرتـدا چـۆک دادەم و بـۆ لـە خـۆ بردووييت سپاست بكەم!! كـە خـۆت بـۆ مـن بـە كوشـت دەدەيت!! بـەڵام وا ناكـەم، چونكـە تـۆ هەرگيـز مرۆڤێكـی لەخۆبـردوو نيـت، تەنيـا دەتەوێـت بـە هەسـتی تاوانبـار بـوون، مـن لەنـاو ببەيـت.

ئێـلا بـە بێئومێدييـەوە گوتـی: چـۆن دەتوانـی قسـەی وا بكـەی؟ خـۆی بـۆ چوونـە دەرەوە ئامـادە كـرد.

كاتژمێـر نـۆی شـەو بـوو كـە لـە شـەقامە تاريكەكانـەوە بـەرەو ماڵـەوە دەگەڕايـەوە. ماندوويـی و تاريكـی خەواڵوويـان كردبـوو. پـێ دەچـوو ئـەو بيرەوەرييانـەی سـەر لـە بەيانـی هێرشـيان كردبـووە سـەر مێشـكی، هێشـتا بـەردەوام بـن.

بـەڵام ئێسـتە بيرەوەريـی ديكـە سـەريان هەڵدابـوو، ئـەو بيرەوەرييانـەی كـە سـەرلەبەيانی خۆيان حەشـار دابـوو. بيـری شـەوانی يەكەمـی كەوتـەوە كـە لەگـەڵ ئارويـد تێيانپەڕاندبـوو. مانگـی ئەيلـول بـوو، وەک ئێسـتە تاريـک، بـەڵام گەرمتـر. بـە كەنارەكانی شـاردا پياسـەيان كردبـوو، بـە تەنيشـت باڵەخانـە مۆدێرنـە

نوێیـەکان و باخـە بچووکەکانـدا، ئـەو جێگەیـەی کـە دواییـن گوڵەکانـی دالیـا لـە ژێـر تیشـکی چراکانـدا پشـکووتبوون. تاریکـی گـەرم، ماندوویەتـی و شـوێنە نەناسـراوەکان ئێلایـان خسـتبووە حاڵێکـی خەیاڵاوییـەوە - ڕێـک وەک ئێسـتا - لـەو پیـاوە سەیروسـەمەرەیەی کـە لـە تەنیشـتی بـوو، تیشـکی ژیـان دەدرەوشـایەوە.

ئارویـد مرۆڤێکـی نـوێ بـوو و ئێـلا-ی بـەرەو شـتێکی نـوێ ڕێنمایـی دەکرد. هەمـوو شـت نـوێ بـوو، جیهـان نـوێ بـوو. پەرژینـە سـەوزەکانی دەورویـەری باخچـەکان کـە بـە گـەڵای زەردبـووی لۆبیـا داپۆشـرابوون، ئـەو سـێبەرانەی کـە لـە ژێـر تیشـکی کـزی چراکانـدا قووڵتـر دەبوونـەوە، بۆنـی پاییـز، هەمـوو ئەمانـە هەناسـەی ڕووداوێکـی نوێـی سەرسـوڕهێنەریان هەڵدەمـژی. ئێـلا خەریـک بـوو خـۆی لـە هەمـوو شـتێک جیـا بکاتـەوە و دەیوێـرا هەنـگاو بنێتـە نـاو دەریایـەک لـە شـکۆمەندی نەناسـراوەوە. ئەمشـەو، ئـەو بیرەوەرییانـە، بـە تاڵییەکـی تایبـەت گەمارۆیـان دابـوو- ئـەوەی کـە هەمـوو ئـەو بەڵێنانـە هـەر لـە دەسـپێکەوە و لـە ناسـازگاریدا کـپ بووبـوون، ئـەوەی کـە ئارویـد نەیتوانـی وەک پێویسـت سـەرکەوێت.. لـەو کاتـەدا، ئاواتێـک لـە ناخیـدا گـڕی گـرت کـە جارێکـی دیکـە لـە ژیانـدا ئـازاد ببێتـەوە، نـوێ ببێتـەوە، دیسـان ببێـت بـە لاپەڕەیەکـی سـپی.

بـە دەنگێکـی تـاڵ بـە خـۆی گـوت: ئیـدی زۆر زۆر بـووە، مـرۆڤ نابێـت هەمـوو شـتێک قبـووڵ بـکات!

لـە قووڵایـی ناخیـدا، بـە ئاسـوودەیی بیـری کـردەوە: لەوانەیـە سـەرەنجام! لەوانەیـە بتوانـم سـەرلەنوێ ئـازادی تاقـی بکەمـەوە!

لـە جیاتـی ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ بچێتـە ماڵـەوە، بـەرەو شـەقامێکی بچووکـی سـەرەولێژ پێچـی کـردەوە کـە دایکـی لـەوێ دەژیـا. بێجگـە لـەوێ، دەیتوانـی بـۆ کـوێ بچێـت؟ هەسـتی دەکـرد لـە سـەر دووڕیانێـک وەسـتاوە. بێجگـە لـە ویژدانـی هەمیشـەیی خـۆی، کـێ دەیتوانـی یارمەتـی بـدات؟ دەیویسـت تـەواوی دەفتـەری ژمێریـاری ژیانـی لـە بـەردەم دایکیـدا بکاتـەوە تـا خـودی دایـک دادوەری بـکات، کـە ئایا ئیـدی بـەس نییـە. ئەگەر دایکـی گوتبـای: «نـا هێشـتا بـەس نییـە!»، کەواتـە هێشـتا ئەرکەکـەی تـەواو نەکـردووە و دەبوایـە بگەڕێتـەوە و بـەردەوام بێـت، بـەڵام ئەگـەر گوتبـای: «بەسـە!»، ئیـدی دەیزانـی کـە دەتوانێـت بارەکـەی دابنێـت.

شـەقامەکە زۆر لێـژ بـوو، بـەڵام ئـەو بـە سـووکی هەنـگاوی دەنـا. بـەرەو کەسـێک دەچـوو کـە تەنیـا ئـەو دەیتوانـی گومانەکانـی کۆتایـی پـێ بێنێـت، ئـەو کەسـەی کـە دادوەرییەکـەی قبـووڵ بـوو، ئـەو کەسـەی کـە هەمیشـە لـە پێـش چاوەکانـی ئـەودا ژیابـوو.

ئێـلا گەیشـتە جـێ، دەرگەکـە داخرابـوو، بـەڵام چونکـە هێشـتا تیشـکی ڕووناکـی لـە پەنجەرەکەوە دیـار بـوو، وێـرای لـە دەرگەکـە بـدات. دایـە پەنجەرەکـەی کـردەوە و لـە تاریکاییـدا ڕوانـی. کچەکـەی خـۆی ناسـییەوە. ئێـلا بـەو کلیلـەی دایکـی پێیـدا، دەرگەکـەی کـردەوە و بـە بێدەنگـی چـووە نـاو ژوورە بچووکـە کۆنەکـەوە. لـە شـوێنی هەمیشـەیی خـۆی، لە تەنیشـت سـۆبەکە دانیشـت. دایکـی هێشـتا جێگـەی خـەوی خـۆی ئامـادە نەکردبـوو، خەریکـی چنیـن بـوو، کـە کچەکـەی لـە دەرگـەی دابـوو.

ئێسـتە کـە بەرانبـەر یەکتـر دانیشـتبوون، دایـک چنینـی وەلاوە نـا و بـە چـاوە شـینەکانی سـەیری کچەکـەی کـرد. ڕوحـی ئێـلا لـە ئـازاردا بـوو، بێجگـە لـە ڕاوێـژ و پشـتگیری هیچـی دیکـەی

نەدەویست و بۆ ئەمەش، باشتر وابوو ئەو چاوە شینانە هەموو شتێک ببینن، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی کرد کە ڕوونیی ئەو چاوانە فریودەرن، وەک ئەوەی نیگاکەیان، لە خودی ئەو، تێدەپەڕی و سەیری شتێکی دیکەیان دەکرد، شتێک کە زیاتر مێشکی سەرقاڵ کردبوون.

بەر لەوەی ئێلا بیەوێ دەردەدڵ بکات، دایک گوتی: لێرە دانیشتووم و بیر لە سەردەمی منداڵی ئێوە دەکەمەوە. ئێوە بەهرەیەکی باشتان نەبوو، نەخێر. چۆن دەتانتوانی هەتانبێ؟ دایکێک دەتوانێت ئەوەندەی بیەوێت، منداڵەکانی بێ کەموکووڕی گەورە بکات، بەڵام منداڵ هەم دایکی هەیە و هەم باوک. بەڵێ! تۆش هەر وا ئێلای بچکۆلە! بیری لێ بکەوە کە هەمیشە گەورەترین کێکەکانت بۆ خۆت دەویست، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە تۆم تێگەیاند کە ئەم کارە ناشیرینە و تۆش لەبەر خاتری من ئەو خوو و ڕەوشتەت وەلاوە نا. (یان) برات لە قوتابخانە وشەی ناشیرین فێر بووبوو. هەرگیز لە بیرم ناچێت، ئەو شەوە گریام و شەرمم لە منداڵەکەی خۆم کرد، بەڵام ئەویشم بە پشوودرێژی و ویستێکی بەهێز تێپەڕاند. ئیرادەیەکی بەهێزم هەبوو، بە ڕاستی پێویست بوو. من بۆ منداڵەکانم وەک شێرێکی مێ، شەڕم کردووە. لە کۆتاییشدا سەرکەوتوو بووم. ڕاستە کە میراتی دایکتان باڵا دەست بوو، بەڵام ئەوە تەنیا بە هۆی هەوڵ و تێکۆشان و خۆڕاگری منەوە بوو. دەنا بە بێ ئەوە، چارەنووستان چۆن دەبوو؟

ئێلا دانیشتبوو و سەیری دەکرد کە چۆن دایک بە نیگای خۆی، لە ساڵانی ڕابوردوویدا دەگەڕا تا سەرکەوتنەکانی خۆی بدۆزێتەوە و شانازییان پێوە بکات، لەناکاو شەپۆلێک لە دڵسۆزی بەرانبەر بە دایکی لە دەروونیدا پەیدا بوو.

ئەوەی کە کەسێک دابنیشێت و ئاوها ڕابوردوو هەڵکۆڵێت! ئایا بە ڕاستی پێویستە هەمیشە بیری خۆی بخاتەوە کە ئەوەی کردوویەتی لانی کەم سوودی هەبووە؟ ئەوەی کە شتێکی بۆ شانازی پێوەکردن هەیە؟ ئەوەی کە بەهەر حاڵ لانیکەم مرۆڤێکی باش بووە؟

هەڵبەت ئەمە خەمناکە، بەڵێ خەمناک و پەژارەهێن، بە هەمان شێوە کە کەموکووڕییەکی گەورە دەتوانێ خەمناک بێت. ئێلا ئاواتی دەخواست کە مرۆڤێکی بەهێز لە بەرانبەریدا بێت، کەسێک کە لە منداڵەکەی خۆی تێبگات بۆ ئەوەی بتوانێ یارمەتیی بدات، بەڵام ئەو پیرێژنەی لەوێ دانیشتبوو و شتی دەچنی، توانایی تێگەیشتن لە ئێلای نەبوو، ئەوەندە سەر قاڵی خۆی بوو کە تەنانەت توانایی ئەوەشی نەبوو بە دروستی سەیری ئێلا بکات و بیبینێت.

ئێلا پێشتر هەرگیز ئەمەی نەبینیبوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە ئەو هەرگیز ئاوها بە لێقەوماوی بە دوای یارمەتیدا نەگەڕابوو.

ئێستە دەنگی پیرێژن تاڵیی پێوە دیار بوو:

هیچ یارمەتییەکم نەبوو، بیری لێ بکەوە، هیچ کەس یارمەتیی نەدام. من دەبوو یارمەتیی هەمووان بدەم، بەڵام هیچ کەس یارمەتیی منی نەدا، تەواو تەنیا بووم. ناچار بووم زەحمەت بکێشم. ئێستە هەموو شت تەواو بووە، بەڵام لانیکەم ئەوەی بۆ خۆمم کرد دروست بوو. خۆزگە هەموو کەس دەیتوانی وا بڵێت.

ئێلا تا ڕادەیەک شەرمەزار بوو کە لەبەردەم دایکیدا دانیشتبوو و بیری لە خۆی دەکردەوە، بەڵام دایکیشی هەر هەمان کاری دەکرد. دایک وەها نوقمی ئەو نادادپەروەرییانەی کە بەرانبەری کرابوون و حەق بە دەستی خۆی بوو، کە ئێلا

هەستی کرد ناتوانێت باسی نیگەرانییەکانی خۆی بکات، چونکە دەیزانی سوودی نییە. خوا خیانەتی لێکردبوو و خراپتر لەوەش:

خوای ئێلا بۆ هەمیشە بەرزی و شکۆی خۆی لە دەست دابوو، بووبوو بە مرۆڤێکی لاواز و شکێنەر. لەناکاو ئێلا هەستی کرد لە جیهاندا بە تەواوی تەنیا ماوەتەوە.

ئایا بە ڕاستی بۆ ئەوە هاتبوو بۆچوونی دایکی وەربگرێت و بە قسەی بکات؟ بۆ چی؟ ئەو تەنیا بوو. هیچ کەس نەیدەتوانی پێی بڵێت: «ئەرکی سەر شانتە کە خۆڕاگر بیت.»، هەروەک ئەوەی کە هیچ کەسیش نەیدەتوانی بڵێت: «لە ئەرکەکانی سەر شانت، ئازادت دەکەم.» خۆی دەیتوانی هەرچۆنێک دەیویست بڕیار بدات، پێویست نەبوو پرسیار لە کەسێکی دیکە بکات.

ماوەیەک گوێی لە گلەیی و گازندە و تاریف لە خۆکردنەکانی دایکی گرت، بەڵام تەنیا بە لایەکی گوێی. بە خێرایی ڕوومەتی دایکی ماچ کرد، ماچێک لە ڕووی دڵسۆزییەوە و گەڕاوە ماڵەوە. ئێلا پڕ بوو لە هەستی تەنیایی و ئازادی بۆ جێبەجێکردنی ئەو شتانەی بە دروستی دەزانین.

ئاروید لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابوو و لە سەرخۆ کتێبی دەخوێندەوە. کاتێک ئێلا وەژوور کەوت، سەری هەڵبڕی. ڕاستییەکەی بۆ ئێلا گرنگ نەبوو ئەو لە چ حاڵەتێکدا بیبینێت. ئەوەی کە دەبوایە بگوترێت، پێویست بوو بگوترێت.

بە ئارامی گوتی: ئاروید، دەمەوێت جیا ببینەوە. لەسەر قەنەفەکە، لە تەنیشت پێیەکانی ئاروید دانیشت.

ئاروید کتێبەکەی لەلایەک دانا، بەڵام هەر وا کە ڕاکشابوو سەیری ئێلای کرد. لە سەیرکردنەکەیدا هیچ نیشانەیەک لە گاڵتەجارییە هەمیشەییەکەی نەبوو، زانیبووی کە مەسەلەکە جددییە.

گوتی: بەڵێ، تێدەگەم.

هیچی دیکەی نەگوت، ڕاکشاوە و چاوەکانی مۆڵەق بوون، بێدەنگ و جیددی. ئێلایش تاقەتی نەبوو قسە بکات. چووە ژووری نووستن و جلەکانی گۆڕی. کەمێک دواتر هەستی کرد کە ئاروید لە سەر قەنەفەکە شوێنی نووستنی بۆ خۆی ئامادە کردووە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، لە بێدەنگیدا، نانی بەیانییەکی سووکیان خوارد. دوای نان خواردن، بە جگەرەی داگیرساوەوە، دانیشتن کە بە جیددی قسە بکەن.

ئاروید گوتی: باشە کە واتە جیا دەبینەوە. دەزانم هەڵسوکەوتم زۆر خراپ بووە، زۆر خراپ. دەشزانم کە تۆ چەندە بۆ من گرنگیت.

ئێستە کە بڕیار بوو ئێلا ئازاد ببێت، لە پڕ بەخشندە بووبوو، گوتی: لەو قسانە گەڕێ!. ئیدی بە ڕاستی ناکرێت.

ئەویش قبووڵی کرد: نا ناکرێت، تێدەگەم! دەنگی پڕ بوو لە پەشیمانی و نیگەرانییەکی شاراوە، کە چاوەکانی ئێلای پڕ لە فرمێسک کرد.

هەمیشە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی ئاروید ئەمە بوو کە لەناکاو بە دڵسافی و ڕاستگۆییەوە دانی بە هەڵەکەی خۆیدا دەنا و لە چاوی بەرانبەرەکەیەوە دەیڕوانییە بابەتەکە. ئێستە ئێلا دووبارە لە شتێک تێگەیشت، شتێک کە لە ماوەی ڕابوردوودا تێگەیشتن لێی دژوار بووبوو، ئەمەی کە بۆ چی ئەوەندە عاشقی ئەم پیاوە بووبوو. ئەو پیاوەی کە تەنانەت نەدەکرا بە گەورەساڵ هەژمار بکرێت.

ئاروید گوتی: بەڵام پێش ئەوەی جیا بینەوە، دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، دەستەکانی ئێلای گرت.

دەمەوێـت بڵێـم هیـچ کام لـەو قسـانەی کـە کردوومـن، وەک ئـەوەی کـە تـۆ قێزەونـی، یـان مـن لێت بێـزارم، بـە هیـچ شـێوەیەک ڕاست نەبـوون، هەڵبـەت قبووڵمـە کـە هەندێـک جـار لـە ڕەفتـارت بێـزار دەبـووم، لـە بەدفەڕیـت بێـزار دەبـووم- بمبـوورە-، بـەڵام هەمیشـە زانیومـە تـۆ کێـی و خۆشـم ویسـتووی.

بوغـز قوڕگـی ئارویـدی گرتبـوو، قووتـی دا و بێدەنـگ بـوو. ئێـلا دانیشـتبوو و گوێی بۆ شل کردبـوو، وەک ئـەوە وابـوو کـە گوێی لـە بێگانەیەک گرتبێـت. هـەر دوێنـێ بـوو بـە قسـەکانی هـەم برینـداری کردبـوو و هـەم تـا ڕادەیـەک برینەکانـی سـاڕێژ کردبـووەوە. ئێسـتە وەک ئـەوە وابـوو کـە هەمـوو برینـەکان لـە شـەوێکدا سـاڕێژ بووبنـەوە. ئـەوەی کـە سـووکایەتی پـێ بـکات، یـان ڕێـزی لـێ بگرێـت، ئیـدی زۆر گرنـگ نەبـوو. ئێـلا تەنیـا بـوو.

ئارویـد درێـژەی بـە قسـەکانی دا: نازانیـت هەمـوو ئـەو ساڵانەی تـۆ هەبوویـت- کـە بـۆ مـن هەبوویـت - چەنـدە بـۆ مـن گرنـگ بـووە. پێـم وایـە بەبـێ تـۆ دەخنـکام و لەنـاو دەچـووم.

ئـەو قسـانەی کۆتایـی وەک چرپـە بـوو، ئێـلا چاوەڕوانـی دەکـرد کـە داوای لـێ بـکات بمێنێتـەوە و جارێکـی دیکـە یارمەتیـی بـدات کـە بـەردەوام بێـت.

ئارویـد گوتـی: پێـم خـۆش نەبـوو دوای جیـا بوونەوەمـان پێـت وا بێـت قسـە ناشـیرینەکانی مـن سـەبارەت بـە تـۆ، بیـروڕای ڕاستەقینەی مـن بـوون، پێویسـتە بزانـی چـۆن بیـرم دەکـردەوە.

هەسـتایە سـەر پـێ و بـە ژوورەکـەدا هاتوچـۆی کـرد. هـاوکات، باسـی پلانەکانـی خـۆی کـرد. سـەرەتا لـەلای برادەرێکـی خـۆی دەمێنێتـەوە، دواتـر لـە قـەراغ شـار، بـە دوای خانوویەکـی هەرزانـدا دەگەڕێـت. بێگومـان ئێـلا دەبووایـە لـەم خانـووەی ئێسـتەیاندا بمێنێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی لـەم دوواییانـەدا تەنیـا بـە پـارەی ئـەو ژیابـوون.

ئەگـەر ئێـلا ئەوەنـدە تەنیـا نەبووایـە- ئەگـەر هێشـتا وەک پێشـان بـە دوای نووسـینەوەی قسـەی ناشـیرین و سـووکایەتییەکان بەرانبـەر بـە خـۆی لەنـاو دەفتەرەکەیـدا بووایـە، کـە لـە هەمـوو شـوێنێکیش دەیدۆزینـەوە - ئـەوە بـە دڵنیاییـەوە ئێسـتە لـە دەنگـی ئارویـددا هەسـتی بـە ئاسـوودەییەکی شـاراوە دەکـرد، ئارەزوویەکـی نابەجـێ بـۆ ڕزگاربـوون لـە دەسـت ڕابـوردوو و بـە قووڵـی ئـازاری دەبینـی، بـەڵام ئێسـتە وەک کەسێکی نامـۆ دانیشـتبوو و دەیبینـی کـە ئارویـد ترسـێکی گـەورە لـە تەنیایـی، لەخۆیـدا کۆنتـرۆڵ دەکات، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی بارێکـی دیکـە نەخاتە سـەر شـانی ئێـلا. ئـەم پیـاوە لـە زۆر لایەنـەوە گومانـاوی بـوو، بـەڵام لەلایەکـەوە مرۆڤێکـی بـاش بـوو، بـە شـێوەیەکی جیـاواز لـە ئێـلا.

بـەڵام ئـەو شـتەی نەیگوتبـوو، نیگەرانـی کـرد. ئارویـد ڕاسـتی دەگـوت کـە بەبـێ ئـەو نوقـم دەبێـت، هەرچەنـدە ئێـلا نەبـووە کـە هەوڵـی دابێـت ڕزگاری بـکات، بـە پێچەوانـەوە بـە حـەق خـوازی و پشـوودرێژی، ئارویـدی لـە خـۆی دوور خسـتبووەوە. ئارویـد بـە بیرکردنـەوە لـە ئێـلا خـۆی ڕاگرتبـوو. ئەگـەر ئێسـتە وازی لـێ بهێنێـت چـی؟، بـەڵام نەدەبوایە ئاوهـا بیـر بکاتـەوە، هـەر پێویسـت نەبـوو ئاوهـا بیـر بکاتـەوە. مرۆڤێکـی گـەورە سـاڵ پێویسـتە لەسـەر پێـی خـۆی ڕاوەسـتێت. ئەرکـی سـەر شـانی ئێـلا نەبـوو کـە بەرسـتیاری پیاوێکـی گـەورە سـاڵ بێـت.

ئارویـد دەسـتی بـە کۆکردنـەوەی کەلوپەلەکانـی کـرد.

بێجگە لە پێداویستییەکانی، نەیدەویست شتومەکی

زۆر لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام تەنانەت ئەمەش کاتێکی زۆری برد. بە شپرزەیی شتومەکەکانی دەخستە ناو جانتاکەیەوە. خۆزگە ئێلا دەیتوانی یارمەتیی بدات، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە دڵی گران دەهات، وەک سەرکۆنە کردنێک، بە تایبەتی کە ئێستە پێویست بوو هەست بە ئازادی و سەربەخۆیی بکات.

بە مێشکیدا هات کە نوقمبوونی ئارویند مسۆگەرە، هەڵبەت نەک لە باری ئەخلاقییەوە، هەر کارێک بکات، بەرزەفڕییەکەی وەک شاعیر، لە ئاستێکدا ڕایدەگرێت کە پێوەرە ئەخلاقییە سەرمایەدارییەکانی دایکی، نایگەنێ، بەڵام لە باری زانستی و ئابوورییەوە نوقم دەبوو.

لە چرکەیەکدا بۆ ئێلا دەرکەوت کە ئەمە چ دەرەنجامێکی دەبێت، چ کێشەگەلێک دەنێتەوە، دەبێتە چ بەربەستێک بۆ کارەکەی، چەندە کات لە دەست دەچێت، چەندە بێ ئومێدی، چەندە هەوڵی بێ ئەنجام. بەرزەفڕی نووسەربوونی ئارویند لەسەر ئەم گاشەبەردە، لە قوڕ دەچەقێت. ئەو پێویستی بە ئێلا بوو، تەنانەت ئەگەر باسیشی نەکردبایە.

وەک ئەوەی ئارویند هەستی بە کزەبایەکی گەرمتر کردبێت، لەناکاو سەری سووڕاند و سەیری ئێلای کرد. نیگاکانیان تێکئالان. نیگا سەرگەردانەکەی ئارویند پڕ بوو لە داواکاری . نزیک بووەوە و دەستەکانی ئێلای گرت و بە چاوشۆڕی گوتی: ئێلا، ئەگەر بە ڕاستی، بە ڕاستی بڕیار بدەم کە ببم بە مرۆڤێکی جیاواز، پێت وانییە بتوانین لانی کەم بۆ ماوەیەکی کورت، پێکەوەبوونمان تاقی بکەینەوە؟

ئێلا وەڵامی نەدایەوە. ئارویند دەستەکانی بەردا و ڕۆیشت.

بە مل شۆڕی گوتی: ئاه، بە دڵنیاییەوە زۆر بە خراپی هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردووی. ناتوانیت، تێدەگەم. پێت وا نەبێت تێناگەم.

هەر ئەوەی کە ویستی بمێنێتەوە، ئێلای زۆر نیگەران کرد.

ئایا دەیویست بە تکاکردن ناچاری بکات بەزەیی پێدا بێتەوە؟

ئێلا بەڵێن دان بۆ باشبوونی دەناسی، ماوەیەک تێدەپەڕێت و دیسان سووکایەتی پێکردن دەست پێ دەکاتەوە. ئارویند ئێستە دەیگوت کە ڕێزی لێ دەگرێت، بەڵام مانگێکی دیکە ناشیرینترین و تاڵترین سووکایەتییەکانی پێ دەکاتەوە. بۆچی نابێ قسە ناخۆش و ناشیرینەکانی، بە هەمان ڕاستگۆیی، قسە جوانەکانی بە جیددی وەربگرێت؟ ئارویند ئەم قسانەی دەکرد، بەڵام ئێلا ئازاد بوو . بۆی گرنگ نەبوو ئەو چۆن بیر دەکاتەوە. ناتوانێت ناچاری بکات بەزەیی پێدا بێتەوە، بەزەییەک کە تەنیا ژێستێکی جوانە و ئەنجامێکی نییە.

لەگەڵ ئەمەش، ئێلا بزەی هاتێ. لە مەودوا چ شتێک دەیتوانی بۆی گرنگ بێت! ئەگەر دووبارە سووکایەتی پێ کردبا، یان ئەگەر قسەی ناشرینی پێ گوتبا؟ ئەو خۆ پیاوێکی گەورە ساڵ نەبوو. ئەمانەش ئیدی کاریگەرییان لەسەر ئێلا نەبوو، ئێلا ئێستە ئامادەبوو بە خۆی پێ بکەنێت کە بە ڕاستی گرنگی بدات بەو قسانەی ئارویند دەیانکات، یان نایانکات. ئەگەر ئێستە ئیزنی دابا بمێنێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە نەیدەویست زیاتر لەوە ڕۆبچێت. نەیدەویست ئەو تەنیاییە قورسە ببێت بە بەربەست لە بەرانبەر کارەکەیدا. نەیدەویست لە کێشەی بچووک و دڵساردکەرەوەدا گیربکات. ئەوەی کە دواتر سەبارەت بەو چۆن بیر دەکاتەوە، هەر گرنگ نەبوو. ئەو هێشتا وەک کەسێکی نامۆ، وەک

بینەرێـک دانیشـتبوو و بـە تـەواوی دەیزانـی کـە ئـەم پیـاوە- کـە هـەم زۆر لاوازە و هـەم شـایەنی ستایش کردنـە- ئەوەنـدە ئازیـزە بـۆی، کـە خاڵـە لاوازەکانـی وەک سـووکایەتی نەبینێـت.

بـە پێکەنینـەوە پرسـیاری کـرد: بـە ڕاسـتی دەتەوێـت لەگـەڵ مـن بمێنیتـەوە؟

ئارویـد هاتـە نزیکتـر و بـە نیگایەکـی پـڕ لـە سەرسـوڕمان و حـەزەوە سـەیری ڕوخسـاری ئێـلای کـرد:

بە دڵنیاییەوە...

باشـە کەواتـە بمێنـەوە، ئارویـد! بـۆ پەنجـا و یەکـەم جـار، سـەرلەنوێ دەسـت پـێ دەکەینـەوە.

ئارویـد بـە بێدەنگـی و پێزانینـەوە، ئێـلای تونـد لـە ئامێـز گـرت.

ئارویـد وەک جارانـی پێشـتر بەڵێنـی بـە خـۆی دا: ئـەم جـارە نابـێ ببێـت بـە پەنجـا و یەکەمیـن جـار، بەڵکـوو ئـەم جـارە دەبێـت دەسـتپێکێکی نـوێ بێـت.

بـەڵام ئێـلا دانیشـتبوو و بیری لەوە دەکردەوە کە لانـی کـەم بـۆ ئـەو، ئەمـە یەکـەم جـار بـوو. لەبـەر ئـەوەی ئـەو تەنیـا بـوو، تەنیـا و ئـازاد. لەوانەیـە هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو بێـت کـە ئارویـدی نزیکتـر لـە هەمیشـە هەسـت پـێ دەکـرد، وەک ئـەوەی لـە دوورەوە و تۆزێکیـش پێکەنینـاوی. بیـری کـردەوە: دایکـی بێچـارە! سـبەی وەک هەمیشـە بـە سـەر ئارویـددا دەبۆڵێنێـت و هاتوهـاوار دەکات و سەرزەنشـتی منیـش دەکات. لـەلای خۆیـەوە بیـر دەکاتـەوە کـە هەمـوو شـت وەک پێشـانە. ئـەو هەرگیـز تێنـاگات کـە بـە ڕاسـتی هەمـوو شـتێک گـۆڕاوە.

*** پێناسەیەکی کورتی نووسەر**

کارین بۆیە (Karin Boye, 1900–1941) شاعیر و نووسـەری بـە ناوبانگـی سـویدی، سـاڵی هـەزار و نـۆ سـەد، لـە شـاری یۆتۆبـۆری لەدایکبـووە، بـە یەکێـک لـە هەڵکەوتووتریـن دەنگەکانـی ئەدەبیاتـی مۆدێرنـی سـوید دادەنرێـت. بێجگـە لـە نووسـینی شـیعر، ڕۆمـان و کورتـە چیـرۆک، لـە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایەتیشـدا ئافرەتێکی چـالاک بـووە و نووسـینەکانی کاریگەرییەکـی زۆریـان لەسـەر ئەدەبـی مۆدێرنـی سـوێد هەبـووە. کارەکانـی زیاتـر لـە نێـوان شـیعر و پەخشـان، ئومێـد و بێئومێـدی، ئـازادی و بەربەسـتدا، لـە هاتوچـۆدان. کاریـن لـە کۆمەڵـە چیرۆکـی «لـە کارکەوتـوو- Ur funktion»دا بـە نیگایەکـی تیژبینانـە سـەیری دەروونـی مرۆڤـەکان و گوشـارە کۆمەڵایەتییەکانیـان دەکات. چیرۆکـی «ئێـلا خـۆی ڕزگار دەکات- Ella gör sig fri»، نموونەیەکـی ڕوونـە لـەم پەرۆشـی و نیگەرانیانـە، لـە گـەڕان بـە دوای ئازادیـدا، لـە پێناسـە و ئەگـەری شـکاندنی چوارچێـوە سـەپێنراوەکاندا. کاریـن بـە زمانێکـی سـادە، بـەڵام قـووڵ، ئەوەمـان پێشـان دەدات کـە ئـازادی هەمیشـە لەوپـەڕی سـنوورە دەرەکییەکانـدا، سـەفەرێکی دەروونییـە.

لـەم کورتـە چیرۆکـەدا، خوێنـەر لەگـەڵ ئافرەتێکـدا ڕووبـەڕوو دەبێـت کـە لـە بێدەنگـی و ژیانـی ڕۆژانـەدا، دەگاتـە ئـەوەی کـە ئیـدی نایەوێـت تەنیـا بەرگـە بگرێـت و لەگـەڵ کێشـەکان هەڵـکات. ئـەو تێگەیشـتنێکی نـوێ لـە ئـازادی ئەزمـوون دەکات. ئـازادی نـەک بـە مانـای سـەرهەڵدانی دەرەکـی، بەڵکـوو بـە مانایەکـی تاکەکەسـی، هەنـگاو بـە هەنـگاو و قـووڵ. ئـەم ئازادییـە سـەفەرێکە لـە دەروونـەوە، سـەفەرێکە لـە خـۆ سانسـۆر کـردن بـەرەو خـۆ ناسـین.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: (لە کارکەوتوو- Ur funktion)**

**دەزگای چاپی: Albert Bonniers förlag**

**شوێنی بڵاوکردنەوە: ستۆکهۆڵم، سوید، ساڵی ١٩٤٠**

**لاپەڕەی ٧٥ تا ٩٩** ELLA GÖR SIG FRI